## سوغیسا عیماد یاریزانی تێنسی سەرمێزی یانەی ئەکاد

# گەشبینم بە ئاستی یاری تێنسی سەرمێز لە پایتەخت

دیمانە: کارزان کانەبی

**■ سوغیسا یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێرو یانەی ئەکاد، لە یاری تێنسی سەرمێز، توانیویەتی چەندین ئەنجامی بەرچاو لەگەڵ یانەی ئەکاد لەســەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەست بهێنێت، ناوبراو لەدایك بووی ســاڵی ١٩٩٦ی شارۆچکەی عەنکاوەیە، لە هەمان کاتدا قوتابیشە،،ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی سازکرد.■**



***ئاســتی یاری تێنســی ســەرمێز لە کوردستان چۆن دەبینیت ؟**

-ئاستی ئەم یارییە لەم ساڵدا زۆر باشترە لە چاو ســاڵانی رابردوو، تەواوی یانەکان ئەمساڵ دەیانتوانــی یاریزانێکــی پیشــەگەر لەگەڵ یانەکانیان بەشــداری پێبکەن، ئەمەش وای کرد لە پاڵەوانییەتەکان ئاستی پاڵەوانێتیەکە بەهێزتر بێت، رۆژ بەرۆژیش ئاستی کچان بەرەو پێش دەچێت.

***ئەی ئاستی ئەم یارییە لە شاری هەولێر چۆنە؟**

- من گەشــبینم بە ئاســتی یاری تێنسی ســەرمێز لە پایتەخت، چونکە یانەکان گرنگیی باش بە ئاســتی کچان دەدەن لەم یارییەدا رۆژ بەرۆژیش رێــژەی کچە وەرزشــوانی ئەم یارییە لە زیاد بووندایە ئەوەش هیوا بەخشە.

***بە بۆچونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێش چوونی ئەم یارییە لە کوردستان ؟**

- یاریزانانی کچ مەشــقی بەردەوامیــان بۆبکرێتــەوە بۆئەوەی ئاستیانلەبەزربوونەوەدا بێــت .یانەکانیــش گرنگی بەکردنــەوەی قوتابخانــەی پێگەیاندنــی یاریزانان بدەن لەگشت شارەکاندا.

*** هەست ناکەی یاریزانی کچ،کەم بەشداری ئەم یارییە دەکەن لە کوردستان ؟**

-بەڵێ وایە بەڵام زۆر جار کۆمەڵگا هۆکار دەبێت بۆوەرزش نەکردنی کچان.

***کێشەو گرفتتان چییە لەم یارییەدا ؟**

- وەکــو یانــەی ئەکاد هۆڵمــان هەیە و مەشقی بەردەوام دەکەین، سوپاسی دەستەی کارگێــڕی وڕاهێنەرکەمــان دەکەم کە زۆر هاوکارمانن.

*** خوێندن ڕێگرنییە لە وەرزش کردنت؟**

-نەخێر چونکە کاتەکانی خۆم دابەشکردووە بۆهەردوولا.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داوانەکراویت ؟**

-بەهیوای ئەوەم گرنگیی زیاتر بە توانای خۆم بدەم، بۆئەوەی بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق بکرێم.

***چی بەو کچانــە دەڵێیت کە لە وەرزش کردن دوورن ؟**

-بەهیوای ئەوەم کچانیش بێن بەشــداری وەرزش بکــەن وبتوانــن بوونــی خۆیــان بسەلمێنن.

***هیواو ئاواتت چیە لەم یارییەدا ؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامێکی شایستە لەگەڵ یانەی ئەکاد لەســەر ئاستی عێراق و لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەشــدا ئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنم سەری خۆم و یانەکەم بەرز بکەمەوە .

***یانەی ئەکاد هاوکاریتان دەکات؟**

-لێــرەوە سوپاســی ســەرۆکی یانــەو ڕاهێنەرو دەســتەی کارگێڕی دەکەم کە زۆر هاوکارمانن.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

-ســوپاس بۆگۆڤاری گــوڵان بەهیوای ئەوەم گرنگیی زیاتر بە ئافرەتانی وەرزشکار بدرێت.

## شاجوان جەبار مستەفا:

# پێویستە لە هەر شارێک یاریگایەکی تایبەت هەبێت بۆ گۆڕەپان و مەیدان

**■ شاجوان یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراق و لەو یاریزانە کوردانەیشە کە توانیویەتی جێ پەنجەی خۆی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بکاتەوە،ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری سلێمانییە ولە یانەی ئافرۆدێت یاری دەکات، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەمان لەگەڵی سازکرد.■**

***چۆن بوو، هاتیتە نێو دنیای یاریی گۆڕەپان ومەیدان؟**

-من خولیام بۆئەم یارییە هەبوو، ئومێدیشم بەخۆم هەبوو کە بتوانم ئەنجامم باش بێت، خۆشبەختانە خۆم لەم یارییەدا دۆزیەوە.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان ومەیدان چۆن دەبینی لە کوردستان ؟**

-ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان لە لەگەشەدایە، چونکە زۆربەی یانەکان گرنگی بە یاری گۆڕەپان ومەیدان دەدەن وتیپی جۆراوجۆریان دروستکردووە ئەوەش بەڵگەی بەرەوپێشچوونی یارییەکەیە لە شارەکانی کوردستان .

***ئەی ئاستی ئەم یارییە لە سلێمانی لە چ ئاستێکە ؟**

-شاری سلێمانی هەر سەردەمانێکە بە یاری گۆڕەپان و مەیدان بەناوبانگە، ئێمە لە یانەی ئافرۆدێت زۆرگرنگیمان پێ دەدرێت، بۆیە ئەنجامە باشەکانمان بەڵگەیە بۆئەوەی کە یانەکانی شارەکەمان گرنگی باش بەم یارییە دەدەن .



***پێت باشە چی بکرێت، بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان ؟**

- پێم باشە لە هەموو شارێك یاریگایەکی تایبەت بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان هەبێت، یانەکانیش گرنگی بە تواناکانی ئاستەکانی تەمەن بچووك بدەن، پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە.

***ئەنجامە باشەکانت چین وەکو یاریزان ؟**

-چەندین ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق .

***کێشەو گرفتان چیە لەم یارییە ؟**

-کێشەی هەموو یانەکان نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بە یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدانە، ئەم یارییەش پێویستی بە پاڵپشتی و یاریگا هەیە.

*** لە خێزانەکەت هاوکاری دەکرێیت ؟**

-بەڵێ سوپاسیان دەکەم زۆر هاوکاری منن، هەمووکات پشتگیریم دەکەن.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

-بەڵێ ئێستا یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقم.

*** هیوار ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە ئەنجامێکی شایستە بەدەستبهێنم ودڵی هەوادارانم خۆشبکەم، بتوانم لە پاڵەوانییەتی زیاتریش بەشداربم.

***یانەی ئافرۆدێت هاوکاریتان دەکەن ؟**

-بەڵێ سوپاسیان دەکەین، کەهاوکاری بەردەوامی ئێمەن، تەواوی پێداویستییەکانیان بۆ دابین کردووین.

*** چەند یاری ئەنجام دەدەیت؟**

-سێ باز و یەك باز وڕاکردنی ١٠٠مەتری، سوپاس بۆخوا لە هەموویاندا ئەنجامی بەرچاوم بەدەستهێناوە.

*** لە کۆتاییدا چیت ماوە ؟**

-سوپاس بۆگۆڤاری گوڵان بەهیوای ئەوەم بەردەوام بن لە خزمەت کردنی ئافرەتانی وەرزشکار.






ئۆلۆمپیادی ل

# ئەمریکا هاتە پلەی یەکەم . باشترین ئەنجام بۆ بەریت

بە بەشداریی ١٠٥٠٠ وەرزشوان لە ٢٠٤ وڵات لە ماوەی نێوان ٢٠١٢/٧/٢٧ تا ٢٠١٢/٨/١٢ لە یاریگاکانی وڵاتی بەریتانیادا، پێشبڕکێیەکانی ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ بەڕێوەچوو کە تێیدا ٣٠٢ میدالیای زێڕ دابەشکرا، ئەمریکا جارێکی دیکە هاتەوە پلەی یەکەم بە کۆکردنەوەی ١٠٤ میدالیا کە ٤٦ ی میدالیای زێڕ بوو، کۆماری چین کە لە ئۆلۆمپیادی پەکینی ٢٠٠٨ لە پلەی یەکەم بوو گەڕایەوە پلەی دووەم بە کۆکردنەوەی ٨٧ میدالیا کە ٣٨یان زێڕ بوو، بەریتانیاش باشترین ئەنجامی لە مێژووی بەشداریکردنی لە ئۆلۆمپیاد تۆمارکرد و بە پلەی سێیەم هات بە کۆکردنەوەی ٦٥ میدالیا کە ٢٩ یان زێڕ بوو، یارییەکان و یاریگاکان لە ژێر چاودێریی سوپای شاهانەی بەریتانیا بوو، لەندەن و خەڵکەکەی سەرکەوتووانە میوانداریی ئۆلۆمپیادی کرد .

*** مێژوویەکی پڕشنگدار بۆ لەندەن**

بۆ جاری سێیەمە لە مێژوودا شاری لەندەن میوانداری ئۆلۆمپیاد دەکات، جاری یەکەم لەساڵی ١٩٠٨ بوو، جاری دووەمیش لە ساڵی ١٩٤٨ بوو، ئەمجارەش لەساڵی ٢٠١٢ سێیەم جار بوو، یارییەکان لە ٣٤ یاریگا و هۆڵی وەرزشی ئەنجامدران کە ٩ یاریگا لە کۆمەڵگای ئۆلۆمپی بوو لە رۆژهەڵاتی لەندەن، ئەم کۆمەڵگەیە زیاتر لە سێ ساڵ کاری تێدا ئەنجامدراوە وزیاتر لە ١٠ هەزار تەن ئاسنی تێدا بەکار هاتووە .

*** شکۆداری هەتاهەتایی بۆ مایکل فیلیپس**

یاریزانی مەلەوانی ئەمریکی مایکل فیلیپس ژمارەی میدالیاکانی لە سێیەم بەشداریکردنی لە ئۆلۆمپیاد بۆ ٢٠ میدالیا بەرزکردەوە (١٦ میدالیای زێڕ و ٢ میدالیای زیو و ٢ میدالیای برونز)، فیلیپس لە ئۆلۆمپیادی ئەسینا ٢٠٠٤، ٦ میدالیای زێڕ و ٢ میدالیای برونزی بەدەست هێنا، لە ئۆلۆمپیادی پەکین ٢٠٠٨، ٨ میدالیای زێڕی بەدەستهێنا لەگەڵ ٤ میدالیای زێڕ و ٢ میدالیای زیو لە ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢، بەمەش بووە خاوەن زۆرترین ژمارەی میدالیا لە مێژووی ئۆلۆمپیاد .

*** یۆساین بۆلت بووە ئەفسانە**

لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیداندا یاریزانی جەمایکا یۆساین بۆلت وەك ئەفسانەیەکی ئۆلۆمپی خۆی سەلماند دوای ئەوەی توانی بۆ جاری دووەم لەسەر یەك، میدالیای زێڕ لە راکردنی ١٠٠ مەتر و ٢٠٠ مەتر و ٤*١٠٠مەتر بەرید بەدەست بهێنێت و بوو بە خێراترین مرۆڤ لە جیهاندا، بۆلت ژمارەی ئۆلۆمپی لە راکردنی ١٠٠ مەتر و ژمارەی پێوانەیی جیهانی لە راکردنی ٤*١٠٠مەتری بەرید شکاند .

بۆلت لەدوای ئەم دەسکەوتە گوتی : ئێستا دەتوانن پێم بڵێن ئەفسانە چونکە ئەو دەسکەوتە ئاسان نەبوو هەروەها بێ هاوتایە .

*** سۆماڵیەك خۆشی بۆ بەریتانیا دەهێنێت**

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی بەریتانی محەمەد فەرەح کە بەڕەسەن خەڵکی وڵاتی سۆماڵە خۆشییەکی بێ وێنەی بۆ بەریتانییەکان هێنا کاتێك توانی هەردوو میدالیای زێڕ لە راکردنەکانی ٥٠٠٠ مەتر و ١٠٠٠٠ مەتر بەدەست بهێنێت کە ئەم دوو راکردنە تایبەت بوو بۆ یاریزانانی کیشوەری ئەفریقیا، فەرەح شەشەم یاریزانە لە مێژووی ئۆلۆمپیاد کە ئەم دەسکەوتە تۆمار دەکات لە دوای یاریزانی چیکۆسلۆڤاکی ئیمیل زاتۆبیك لە ئۆلۆمپیادی هیلسینکی ١٩٥٢ و یاریزانی سۆڤیەتی ڤلادیمیر کۆتس لە ئۆلۆمپیادی ملبۆرنی ١٩٥٦ و یاریزانی فنلەندی لاس ڤیرین لە هەردوو ئۆلۆمپیادی میونیخی ١٩٧٢ و مۆنتریالی ١٩٧٦ و یاریزانی فنلەندی میرۆتس یفتەر لە ئۆلۆمپیادی مۆسکۆی ١٩٨٠ و یاریزانی ئەسیوبی کینیسیا بیکیلی لە ئۆلۆمپیادی پەکینی ٢٠٠٨ .







# ـــــەندەن ٢٠١٢

# ـــــانیا . سامبا شکستی هێنا . بۆڵت و فیلپس بوون بە ئەستێرە

*** هەڵبژاردەی خەونی ئەمریکا لە یاری باسکە**

بۆ جاریکی دیکە هەڵبژاردەی خەونی ئەمریکا لە یاری تۆپی باسکە لە سەر تەختی شکۆداری ئۆلۆمپیاد مایەوە، ئەمریکا بە رابەرایەتیی یاریزانان کۆبی براینت و لیبرۆن جیمس و دواین وێد لە سەرجەم یارییەکاندا سەرکەوتنیان تۆمارکرد و لە زۆربەی یارییەکان بە یاری کۆتاییەوە بەرامبەر ئیسپانیا زیاتر لە ١٠٠ خاڵیان تۆمارکرد، لە یاریی بەرامبەر نایجیریا، ئەمریکا بە ئەنجامی (١٥٦*٧٣) خاڵ سەرکەوتنی تۆمارکرد کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەییە، بەهەمان شێوە هەڵبژاردەی ئافرەتانیش میدالیای زێڕیان بەدەست هێنا .

*** گەورەترین دۆڕاوەکانی ئۆلۆمپیاد**

هەرچەندە دیمەنی سەرکەوتووەکان لە ئۆلۆمپیاد لە یاد دەمێنێتەوە بەڵام فرمێسکی دۆڕاوەکانیش بەهەمان شێوە، هەڵبژاردەی تۆپی پێی بەرازیل لە گەورەترین دۆڕاوەکان بوو کاتێك نەیتوانی میدالیای زێڕ بەدەست بهێنێت و لە یاریی کۆتایی لە بەرامبەر مەکسیك دۆڕا، هەروەها یاریزانی ئەسیوبی کینیسیا بیکیلی نەیتوانی میدالیای زێڕ لە راکردنەکانی ٥٠٠٠ و ١٠٠٠٠ مەتر بەدەست بهێنێت، یاریزانی چینی لیاو شیانگ لە پاڵاوتنەکانی راکردنی ١١٠ مەتر بەربەستی پیاوان تووشی پێکان هات و بە دەست بەتاڵی ماڵئاوایی کرد، هەڵبژاردەی ئیسپانیاش لە یاریی تۆپی پێ کە پاڵێوراو بوو بۆ میدالیای زێڕ لە قۆناغی یەکەمەوە ماڵئاوایی کرد .

*** ٥٤ وڵات میدالیای زێڕیان بردەوە**

لە کۆی ٢٠٤ وڵاتی بەشدار بوو ٨٥ وڵات میدالیایان بردەوە بەڵام ٥٤ وڵات میدالیای زێڕیان بردەوە، لە ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ دا، ٧ وڵات بۆ یەکەمجار میدالیای ئۆلۆمپیان بەدەست هێنا و ناویان لە لیستی ئۆلۆمپیاد تۆمارکرا، ئەم وڵاتانەش بریتی بوون لە بەحرێن، گواتیمالا، قوبرس، بۆتسوانا، گابۆن، مۆنتینیگرۆ، گرینادا .

*** ریزبەندی کۆتایی میدالییەکان لە ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢**

**خشتەی میدالیاکانی ئۆلۆمپیادی لەندەن**


| خشتەی میدالیاکانی ئۆلۆمپیادی لەندەن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ز | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | گشتی |
| ١ | ئەمریکا | ٤٦ | ٢٩ | ٢٩ | ١٠٤ |
| ٢ | چین | ٣٨ | ٢٧ | ٢٢ | ٨٧ |
| ٣ | بەریتانیا | ٢٩ | ١٧ | ١٩ | ٦٥ |
| ٤ | روسیا | ٢٤ | ٢٥ | ٣٣ | ٨٢ |
| ٥ | کۆریای باشور | ١٤ | ٨ | ٧ | ٢٤ |
| ٦ | ئەڵمانیا | ١١ | ١٩ | ١٤ | ٤٤ |
| ٧ | فەرەنسا | ١١ | ١١ | ١٢ | ٣٤ |
| ٨ | ئیتالیا | ٨ | ٩ | ١١ | ٢٨ |
| ٩ | هەنگاریا | ٨ | ٤ | ٥ | ١٧ |
| ١٠ | ئوسترالیا | ٧ | ١٦ | ١٢ | ٣٥ |
| ١١ | ژاپۆن | ٧ | ١٤ | ١٧ | ٣٨ |
| ١٢ | کازاخستان | ٧ | ١ | ٥ | ١٣ |
| ١٣ | هۆڵەندا | ٦ | ٦ | ٨ | ٢٠ |
| ١٤ | ئوکرانیا | ٦ | ٥ | ٩ | ٢٠ |
| ١٥ | کوبا | ٥ | ٣ | ٦ | ١٤ |
| ١٦ | نیوزیلەندا | ٥ | ٣ | ٥ | ١٣ |
| ١٧ | ئیران | ٤ | ٥ | ٣ | ١٢ |
| ١٨ | جامایکا | ٤ | ٤ | ٤ | ١٢ |
| ١٩ | چیك | ٤ | ٣ | ٣ | ١٠ |
| ٢٠ | کۆریای باکوور | ٤ | [illegible] | ٢ | ٦ |



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

## دوای بە دەستهێنانی نازن

# هەولێر خۆی بۆ جامی یەک







دوای ئەوەی یانەی هەولێر بەفەرمی توانی بگاتە قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتیی ئاسیا بۆ تۆپی پێ و هەروەها بەفەرمی بۆ جاری چوارەم توانی نازناوی خولی بژاردەی عێراق بە دەست بهێنێت، دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ١١ یاریزان مۆرکرد بۆ ئەوەی لە جامی یەکێتیی ئاسیا و خولی عێراق بەشداری لەگەڵ یانەی هەولێردا بکەن و بتوانن لە پاڵەوانێتیی ئاسیا دەستکەوتێك بۆ یانەکە بە دەستبهێنن.

یاریزانەکانیش بریتین لە:

(دیار رەحمان، کۆسرەت بایز، میران کەریم، هەردی سیامند، دلێر حاتم، سالح سەدیر، وەلید سالم، عەمار عەبدولحوسێن، جەلال حەسەن، ئۆگەندی سلێمان مستەفا، سینگالی دیوب پاپا عەبدوڵڵا) لە هەمان کاتدا دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ پێنج یاریزانی تیپەکە نوێکردەوە ئەویش هەریەکە لە یاریزانان (لوئەی سەلاح، ئەمجەد رازی، نەبیل سەباح، ئەحمەد ئیبراهیم، سەعد عەبدولئەمیر).

ئەمەش چەند زانیارییەکی تایبەت بە یاریزانە تازەکان.

١-دیار رەحمان: لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات توانی لەگەڵ تیپی دووەمی یانەی هەولێر لە خولی کوردستان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و بەشداری لە خولی بژاردەی عێراقی کرد لەگەڵ یانەی کەرکووك توانی پێنج گۆڵ تۆمار بکات.

٢- کۆسرەت بایز: لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات لەگەڵ تیپی دووەمی یانەی هەولێر لە خولی کوردستان ئەستێرەی تیپەکە بوو، هەروەها بەشداری لە پاڵەوانێتیی فەڵەستین-ی نێودەوڵەتی کرد لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان و لە خولی نایابی عێراق بۆ یانەی سلێمانی یاری کرد.

٣- میران کەریم: لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و لە خولی پلە یەکی کوردستان لەگەڵ یانەی برایەتی یاری دەکرد و گۆڵکاری خولی پلە یەکی کوردستان بوو و بەشداری لە خولی بژاردەی عێراقدا کرد لەگەڵ یانەی کەرکووك توانی لە ١٠ یاری ٩ گۆڵ تۆمار بکات.

٤-هەردی سیامند: لە هێڵی بەرگری باڵی چەپ یاری دەکات لە وەرزی رابردوودا یاریزانی سەرەکیی یانەی زاخۆ بوو لە خولی بژاردەی عێراقدا و توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات.

٥- دلێر حاتم: گۆڵچی یانەی هەندرێن لە خولی کوردستان



## ـــاوی خولی بژاردەی عێراق

# ـــێتیی ئاسیا ئامادە دەکات

ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد بووە هۆکاری ئـــەوەی یانەکەی پلـــەی دووەمـــی خولی کوردستان بە دەستبێنێت.

٦- سالْح ســـەدیر: یاریزانی هێڵی ناوەڕاست لە وەرزی رابردوو لە قۆناغی یەکەم یاری بۆ یانەی نەجەف کرد و لە قۆناغی دووەم یاری بۆ یانەی دهۆك کرد، توانی ئاســـتێکی بەرز پێشکەش بکات.

٧- وەلید سالم: یاریزانی هێڵی بەرگری باڵی راست لە وەرزی رابردوو لەگەڵ یانەی کارەبا یاری دەکرد و ئاســـتێکی بەرزی پێشـــکەش کرد.

٨- عەمار عەبدولحوسێن: لە وەرزی رابردوو لـــە یانەی مینـــا ئەســـتێرەی تیپەکەی بوو و بـــە یاریزانـــی دوا رۆژ دادەندرێت و خاوەن ئەزموونێکی زۆرە.

٩- جەلال حەسەن: گۆڵچی یانەی کەربەلا و هـــەڵـــبـــژاردەی ئـــۆڵـــۆمـــپـــی عێراق ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد لەگەڵ یانەکەی لە وەرزی رابردوو.

١٠- سلێمان مەستەفا: یاریزانی پیشەگەری ئۆگەنـــدی، ســـلێمانی مەســـتەفا تەمەنی ٢٠ ســـاڵە لە هێڵی هێرشـــبەر یاری دەکات لە چەندین خـــول یاری کـــردووە و یاریزانی سەرەکیی هەڵبژاردەی ئۆگەندایە.

١١- دیـــوب پاپـــا عەبدوڵـــڵا: یاریزانـــی پیشەگەری سەنیگالی، دیوب پاپا عەبدوڵڵا لە هێڵی بەرگری و ناوەڕاســـت یاری دەکات تەمەنی ٢٧ ســـاڵە و لە خولەکانی ئەلبانیا و ســـعودیە یاری کردووە و خاوەن ئەزموونێکی زۆرە.

لە هەمان کاتدا دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ پێنج لە یاریزانانی یانەکە نوێکردەوە، ئەویش هەریەکە لە (ئەمجەد رازی، لوئەی سەڵاح، نەبیل سەباح، سەعد عەبدولئەمیر، ئەحمەد ئیبراهیم).





